# ڕیشە فیکرییەکانی کۆمەڵە

پرسیارەکان لەم وتووێژەدا بۆ ئەوەیە ریشەی ئیدیۆلۆژیک و فیکریی کۆمەڵە بناسین.
پرسیارەکان سەردەمێک هەتا ساڵی ۱۹۹۰/۱۳۷۰ دەگرنە بەر.
(جوابەکان دەکرێ بە فارسیش بێت)

## بەشی یەکەم

بۆ تێگەیشتن لە ڕیشە فیکرییەکانی کۆمەڵە، پرسیارەکان لەم بەشەدا پەیوەندییان هەیە بە بەستێنی دەیەکانی ۱۳٤۰ و ۱۳۵۰.

- **بەستێنی کۆمەڵایەتی و مێژوویی پێکهاتنی کۆمەڵە لە ئێران و کوردستان لە ساڵەکانی دەیەی ۱۳٤۰ و دەیەی ۱۳۵۰ چی بوو؟**

یەکەم ـ دیارە بەردەوامبوونی زوڵم و ناعەدالەتی بۆ زۆرینەی خەڵک(چەوساندنەوەی کرێکار و زەحمەتکێش، هەژاری و برسیەتی، کاری زۆر و داهاتی کەم، بێکاری و نائەمنی ئابووری، بێدەوا و دەرمانی، ناعادڵانەبوونی مالکیەت بە سەر زەوی و زار لە دێهاتەکانا، ژێردەستەیی و ستەمکێشی ژنان، هەڵاواردن و ستەم و سەرکوتی نەتەوایەتی دژ بە گەلی کورد و بوونی رژیمی سەرکوتگەر و دیکتاتۆری پاشایەتی)خەبات دژ بەو ناعەدالەتیانەش هەڵئەخرێنێ. لەو کاتەدا گوتاری سێکوولار و چەپ و سوسیالیستی(بە رەگەگەل و بۆچوونگەل جۆراوجۆرەوە، چ لە ئاستی جیهانی و چ لە ئاستی ئێرانی و کوردستانیا)بەسەر بزووتنەوە ئازادیخواز و عەدالەتخوازەکانا زاڵ بوو. بیر و بۆچوونی کۆمەڵەش لە ژێر کاریگەری ئەو جەرەیانە چەپا شکڵ ئەگرێ(بە تایبەتمەندیەکانی خۆیەوە).
دەزانین لە هەموو وڵاتەکانا زانکۆکان کانگای رۆشنبیری و خەباتی سیاسین. بە سەرنجدان بەوە کە لە کوردستانا هیچ زانکۆیەک دانەمەزرابوو، یەکەمین رێبوارانی رێبازی کۆمەڵەش("تەشکیلات")کە هەموویان کورد بوون، لە زانکۆکانی تاران و تەبرێزا یەکتر پەیدا ئەکەن. ئەم کەسانە لە نەسڵێکی تازەن کە ـ لە هەل و مەرجێکا وا دەسکەوتەکانی "انقلاب مشروطیت" و گشت بزووتنەوەکانی دوایی و هەر وەها حکومەتی "مصدق" و هەموو حێزب و رێکخراوەیەکی سیاسی بە دەستی حکوومەتی سەڵتەنەتی پەهلەوی بە بێبەزییانەترین شێوەگەل سەرکوت کراون ـ هێچ رێکخراوەیەک کە جێگەی متمانەیان بێ و بیانەوێ و بتوانن پشتی پێ ببەستن نابیننەوە. ئەم تەشکیلاتە وەکوو چەپێکی "رادیکاڵ" کە دەیەوێ بۆ ئاڵ و گۆڕی بنەڕەتی لە کۆمەڵگای ئێرانا تێ بکۆشێ و شەڕی چەکداری بۆ رووخاندنی رژیمی دیکتاتۆری پەهلەویش بە پێویست ئەزانێ، تەنانەت لەگەڵ چریکی فیدایی‌ش(کە ئەو کاتە بە چەپێکی رادیکال پێناسە ئەکرا)یەک ناگرێتەوە و رێگەی تایبەتی خۆی هەڵئەبژێرێ.
[بۆ ئەمە لێرەدا قسەوباسەکە درێژ نەبێتەوە، سەرنجتان بۆ وتوویژ و قسەوباسەکانی هاوڕێیان کاک "ساعێد وەتەندووست" و کاک "یەدێ بیگلەری" لەسەر مێژووی کۆمەڵە و هەروەها بەشی سێهەمی نووسراوەکەی خۆم ـ "تاریخ بازندە" ـ رائەکێشم. لە وەڵامی پرسیارەکانی دواتریشا بەعزێک لەم تایبەتمەنی‌گەلە هاتوونەتە بەر باس و لێکدانەوە]
دووهەم ـ ئەگەرچی ئەوەڵین ئەندامانی کۆمەڵە("تەشکیلات")، خەبات دژ بە هەرچەشنە ستەمگەریەک لە ئاستی سەرانسەری ئێرانیان بە ئەرکی خۆ دەزانی و کاریشیان بۆ دەکرد بەڵام تەنها لە کوردستانا بوو کە ئاکامی ئەو خەباتە جوابی کۆمەڵایەتی وەرگرتەوە و کۆمەڵە بوو بە هێز و جووڵانەوەیەکی گەورەی جەماوەری و کاریگەریەکی مێژوویی لە کوردستانا

دەستەبەر کرد. جا سەرنجدان بەم خالە و بە کارگەلێ وا کۆمەڵە کردی، ئەو راستیەمان بۆ دەر ئەخات کە کۆمەڵە لە لایەکەوە ریشەی لە کۆمەڵگای کوردستان و مێژووی ئەو خەڵکەوەیە و لە لایەکی تریشەوە ـ بە پێی ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵگای کوردەواری ـ درێژەدەرێکی ساکاری ئەو مێژوە نەبووە بەڵکوو بە رەخنەیەکی قووڵ، بەرپرسانە، راستبینانە و مودێرن و چەپ لەو رابردووە دێتە مەیدان و گەشە ئەکا.

- **بەستێنی ئیدیۆلۆژیک و فیکریی پێکهاتنی کۆمەڵە کامەیە؟ واتە چ بیرۆکە و ئیدیۆلۆژییەک بیروباوەڕی ئەو نەسڵەی شکڵ پێدا وا کۆمەڵە لە ناخیدا پێک هات ؟**

  بەستێنێکی چەپ و سوسیالیستی بوو و لە بۆچوونەکان و تیئۆری و لێکدانەوەکانی مارکس و ئێنگلس و لێنین و مائۆ و ... ئیلهامی وەرئەگرت. واتە، لابردنی سیستەمی چەوسێنەرانەی چینایەتی و سەرمایەداری و پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی سوسیالیستی و لە نێهایەتدا کۆمۆنیستی، ئامانجی بنەڕەتی و سەرەکی کۆمەڵە بوو. رەنگە پێویستی بە وتن نەبێ کە بە پێی هەر ئەو بەستێنە چەپ و سووسیالیستیە، هەموو داخوازیە دێموکراتیکەکان و هەر هەنگاوێک بۆ باشتر بوونی ژیانی خەڵک بە لامانەو بایەخێکی تەواویان بوو.

- **چ هۆکارگەلێک ئەندامانی یەکەم یا ئەو نەسڵەی خستە ژێر کاریگەریی ئەو بیروباوەڕانەوە؟**

  <u>لە لایەکەوە</u> بە گشتی، ستەم و سەرکوت و دیکتاتوری و بێمافی زۆرینەی خەڵک و بە تایبەتی گەشەی سەرمایەداری و دیتنی وەزعی کرێکاران(کە بە ژمارەیش روو لە زیادبوون بوون)، <u>لە لایەکی دیکەوە</u> مێژووی بزووتنەوەی سوسیالیستی لە ئاستی جیهان و ئێراندا. لەو کاتا بیرۆکەی زاڵ بەسەر هەر بزووتنەوەیەکا کە مەبەستی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە کۆمەڵگای گیرۆدەی ستەم و چەوسانەوەدا ببوای، بیرۆکەی چەپ و سووسیالیستی بوو(جا بە رەنگاوڕەنگی و نێو و گرایشگەلی جۆراوجۆر رووسی ، چینی، کووبایی و هتد؛ کە ئەڵبەت کۆمەڵە بایەخی بە هەموویان دەدا بەڵام نەتەنها سەرسپۆردەی هیچکام لەوانە نەبوو بەڵکوو بە روانگەیەکی رەخنەگرانەوە لەگەڵ هەموویان رووبەڕوو دەبوو).

- **بیرۆکەی گەڕانەوە بۆ فرهنگ اصیل یا بومیگرایی، ئەندێشەی سیاسی لە ئێرانیان بەدوای جەنگی جیهانی دووهەم شکڵ پێ دا. ئایا ئەمانە بۆ کۆمەڵە یا لە کوردستان موضوعیەتیان هەبوو؟**

  نەخەیر؛ ئەگەر تەکیە لەسەر چەمکی "فرهنگ اصیل یا بومیگرایی" بکەین، بیرۆکەیەکی وەها نە لە ناو کۆمەڵە بە تایبەتی و نە لە ناو <u>چەپ</u>ی ئێران بە گشتی مەوزۆعیەتی نەبووە(رەنگە کەسانێک بۆچوونی وەهایان بووبێ بەڵام بە گشتی وانەبووە). بەڵام ئەگەر مەبەست سەربەخۆییخوازی و هاتنەدەر لە ژێر دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری دەوڵەتە ئەمپریالیستیەکان بێ، بەڵێ هەڵوێستی دژ بە دەسەڵاتداریەتی(سلطە)ئەمپێریالیستی لە ناو گشت چەپەکانا مەوزۆعیەتیان هەبووە و زۆریش گرنگ بوو.

- **پێگەی کۆمۆنیسمی شورەوی و ئەزموونی چین لە تێگەیشتنەکانی ئەندامانی کۆمەڵەدا چۆن دەبێ ببینین؟**

  لەبەر ئەوە کە ئێمە گرفتەکانی کۆمەڵگای چینی پێش شۆڕش(نیمە مستعمرە ـ نیمەفئودال)و ئێرانی ئەوکاتەمان نێسبەتەن هاووێنە ئەزانی، وە هەروەها <u>لایەنگریی چین لە خەڵکان و گەلانی ژێردەستە ئاشکراتر و رادیکاڵتر بوو</u>(دروشمی "خلقهای سراسر جهان متحد شوید و امپریالیسم آمریکا و سگهای زنجیریش را در هم بشکنید" و ...)، سەمپاتییەکی زۆرمان بە

مائۆ و حێزبی کۆمۆنیستی ئەو سەردەمەی چین بوو. کاتێک کە دوای هاتنە سەرکاری خرۆشچۆف ناکۆکی بەینی چین و شوورەوی تەقیەوە و چینیەکان حێزبی کۆمۆنیستی شوورەویان بە "ڕێویزیۆنیست" و حکوومەتەکەیان بە "سوسیال ئەمپریالیزم" پێناسە کرد، ئێمەیش خۆمان لە بەرەی دژ بەو "ئوردووگای سووسیالیسم"ە بە سەرکردایەتی رووسیە دیتەوە.
لە راستیا بە بۆنەی داخراوبوونی ئەو وڵاتانە لە لایەکەوە و سەرکوتی سیاسی و فێکری رژیمی دیکتاتۆری شا لە لایێکیترەوە، بۆ ئێمە ئیمکانی نەبوو بە وردی و بە خێرایی لە باروودۆخی واقێعی رووسیە و چین ئاگادار بین(لە راگەیاندنەکانی وڵاتانی رۆژاوایشا جگە لە پرۆپاگاندی دژ بە کۆمۆنیزم و سووسیالیزم شتێکمان دەس نەئەکەوت). بەڵام سەرەرای هەر کەم و کەسریەک، کۆمەڵە سەرسپۆردەی هیچکام لە "ئیسم"ەکان و رێباز و هەڵوێستە سیاسیەکانی چین و رووس و ... نەبوو؛ هەر بۆیە توانی لە هەڵوێستگرتن و هەڵسەنگاندنی خۆی سەبارەت بەواندا تووشی هیچ دەمارگرژی و ئیمانی کوێرکوێرانە نەبێ و لە درێژایی تەمەنیا بە پێی ئاگادار بوون لە ئەوزاعی ئەو وڵاتانە، فاسڵەیان لێ بگرێ.

- **ئەو بیروباوەرانەی وا پێش شەری دووهەم و دوای ئەوە روویان دا، کە لە کەسانی وەک ئەرانی و پێکهێنەرانی دواتری حیزبی توده دەتوانین ببینین، کاریگەریان لە سەر نەسڵی ئێوە بەجێهێشت؟**

لە دوو بوارا کاریگەری ئەرێنیان لەسەرمان بوو. یەکەم لە خۆراگریان وەکوو تاکەکەس لە بەرانبەر سەرکوت و بکوژ و ببری رژیمی پاشایەتیدا(ئەرانی، رووزبێه، وارتان، ئەفسەران و دەرەجەدارگەل و کەسانێکیتر وا ئێعدام کران و....). دووهەم وەرگێران و بڵاوکردنەوەی نووسراوەکانی مارکس و ئێنگێلس و لێنین و ستالین و رۆمان و ئەدەبیاتی چەپ و... بەڵام لەوانە بەدەر ئێمە حێزبی توودەمان بە گشتی لە لایەکەوە وەکوو حێزبێکی سازشکار لە بەرانبەر رژیمی پەهلەوی و لە لایەکیترەوە سەرسپۆردەی شوورەوی ئەزانی و لەم روانگەوە هیچ سەمپاتیەکمان پێیان نەبوو.

- **کام جۆر لە ئەدەبیات لە سەر ئەو نەسڵەی ئێوە کاریگەری هەبوو؟**

بەگشتی ئەدەبیاتێک کە لە لایەکەوە ریشەی ناعەداڵەتیگەل کۆمەڵگا و چەوساندنەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی روون بکردایەتەوە و لەقاوی بدای، لە لایەکی تریشەوە روونکەرەوەی رێگەی خەلاسی لەو چەوسانەوە و ستەمکاریگەلە و هاندەری بزووتنەوەی خەڵک بەرەو ئازادی و پێکهێنانی ژیانێکی پر لە شادی و خۆشی بۆ هەمووان ببوای. ئەگەر تایبەتیتریش بۆی بچین ـ هەروا کە پێشتریش ئاماژەم پێ کرد ـ نووسراوەکانی تەواو ئەو کەسانە وا هەرلە سەرەتاوە تا ئەو سەردەمە لە ناو بزووتنەوەی چەپ و سووسیالیستی و کۆمۆنیستیا ناو و نیشانێکیان بوو و بیر و بۆچوونیان لە بوارەکانی تێئۆریک و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیا جێگەی باوەری گشت چەپەکانی دنیا بوون، وەکوو گرنگترین سەرچاوەی فێربوون چاومان لێیان ئەکرد. هەروەها هەرجۆرە نووسراوەیەک وا دەنگ و باس و زانیاریەکی لە بارەی بزووتنەوە ئازادییەخشەکانی دنیای تێدا ببوای(وییتنام، فلستین،...). بێجگە لەوانە، رەخنە و پۆلێمیکە تێئۆریک و سیاسیەکانی ئۆپۆزیسیۆنی رژیمی شایش جێگەی خۆیان بوو...
دیارە گشت ئەو ئەدەبیات و نووسراوانە بە نهێنی و "ژێرزەوینی" و بە زەحمەت و دانەدانە پەیدا ئەبوون و زۆربەیان بە دەس ئەنووسرانەوە و شکەنجە و ئازار و زیندانی بۆ هەرکەسێ خوەی لەم گۆرەپانە بدای بە شوێنەوە بوو.

جگە لەوانە بە پێی ئیمکان و کات بەرهەمەکانی نووسەرانی وڵاتانی ڕۆژاوا و رووسیەمان ئەخوێندەوە(کە هەموویان تەرجەمەی فارسی بوون؛ وەکوو: شێکسپیر، بالزاک، ئێمیل زولا، داستایوفسکی، چخۆف، گورکی، فادایف، شۆلۆخۆف، فانون، سارتر،..). هەروەها نووسەرە ئێرانیەکانیش: صادق هدایت، آریانپور، صمد بهرنگی، علی‌اشرف درویشیان، یاقوتی، کسروی، فەریدون شایان، عبدالحسین نوشین... و ...

لە دنیای شێعریش غافڵ نەبووین(ئەوانە وا هاندەری خەبات بۆ ئازادی و عەداڵەت بوون). تەنها لەم بەشەدا بوو کە بۆ ئێمەی چەپی کورد، زوانی کوردی هاوسەنگی لەگەڵ زوانی فارسیا ئەکرد و زۆرێک لە شێعرەکانیشمان لەبەر بوو؛ وەکوو گۆران، سوارە، چاوە، موسلێح(رێبوار)، مەلا ئاوارە، قانێع، پیرەمێرد...و ...

## بەشی دووهەم

ئەزموونی کۆماری مەهاباد و بزووتنەوەی ساڵەکانی ١٣٤٠، حیزبی دیمۆکرات- کۆمیتەی شۆڕشگێر

- **ئایا ئەزموونی کۆمار لە پێکهێنانی کۆمەڵەدا دەوری گێرا؟**

وەکوو بەشێک لە مێژووی کوردستان و ئەوە کە پرسی نەتەوەیی کورد و خەبات بۆ چارەسەری ئەو پرسە وجوودی بووە و درێژەیشی هەیە، لەسەر کۆمەڵەش کاریگەری بووە بەڵام لە پێک‌هاتنی کۆمەڵەدا هیچ دەورێکی نەگێڕاوە(واتە کۆمەڵە خۆی وەکوو رێکخراوەیەکی نەتەوەیی پێناسە نەدەکرد). تەنانەت جووڵانەوەی کوردستانی باشووریش کە لە سەرەتاکانی جەوانی ئێمەدا دەستی پێ کرد و تا رادەیەک هەستێکی کوردایەتی ئێمەمانانی دەبزواند، دەورێکی لە پێک‌هاتنی کۆمەڵەدا نەبوو. هۆوەکەیشی ئەوە بوو کە هەر لە ئەوەڵەوە، لە ژێر کاریگەری بزووتنەوی چەپی جیهانی و دیتنی کۆمەڵگای ناعادڵانەی چینایەتی‌دا، کۆمەڵە خوەی و پێناسەکەی لە رێبازێکی چەپ و سووسیالیستیا ـ کە خەباتی چینایەتی بە ئەسڵ دادەنا ـ دیتەوە و ئامانجی سەرەکی خوەی لابردنی سیستمی چەوسێنەری سەرمایەداری و ئازادی چینی کرێکار و گشت خەڵکی ستەملێکراو لە هەرجۆرە زوڵم و هەڵاواردنێک دەزانی. ئەوە بوو کە سەرەرای ئەوە کە کۆمەڵە باوەری تەواوی بە مافی نەتەوەیی کورد و گشت نەتەوەکانی ئێران لە دیاری‌کردنی چارەنووسی خۆیاندا بوو و **لە کردەوەدا** پەیگیرترین و بە ئەمەگ‌ترین خەباتکاری دژ بە ستەمکاری نەتەوەیی بوو، بەڵام **لە باری بیرۆکەییەوە** تێکۆشان بۆ بەدەس‌هێنانی ئەو مافەی لە پەراوێزی خەباتی چینایەتیا دا ئەنا(ئەگەر عومر باقی بێ لەداهاتووا لەم بارەوە ـ کە یەکێک لە گرفتە هەمیشەییەکانی بزووتنەوەی چەپ بووگە ـ فرەتر قسە ئەکەم).

- **ئایا بزووتنەوەی شەریفزادە-موعینی دەکرێ وەک ئەزموونێک کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سەر پێکهێنانی کۆمەڵە بوە، چاو لێ بکەین؟**

لە سەر پێکهێنانی کۆمەڵە کاریگەری نەبووە، بەڵام بۆ دەرس وەرگرتن و هەڵبژاردنی تاکتیک و شێوەکاری سیاسی گۆنجاو تەئسیری بووە؛ واتە ئەوەی کە پێش لە دەس‌بردن بۆ چەک، ئەبێ کاری تەبلیغی و سیاسی ـ رێکخراوەیی لە ناو جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشا بکرێ.

دێتەوە بیرم کە ماوەیەک دوای سەرکوتی ئەو حەرەکەتە بەدەستی رژیمی شا، دۆستێکمان کورتە رۆمانێکی بە نێوی "باوەڵێ" (لە بارەی زیندوویاد "سەی فەتاح" یەکێک لە پێشمەرگە گیانبەختکردوەکانی ئەو بزووتنەوە) نووسیبوو و تێی‌دا "باوەڵێ"ی گەیاندبووە ئاستێک لە قارەمانی فەوق ئینسانی. هاوڕێمان زیندوویاد کاک حەمە حسەین کەریمی نووسراوەیەکی

رەخنەگرانەی لەبارەی ئەو چیرۆکەوە نووسیبوو و لە راستیدا رەخنەیەکیش بوو لە "مشی چریکی".

- **ئایا ئەگەر ئەو ئەزموونە دەمایەوە، پێویست دەکرا کۆمەڵە پێک بێت؟**

لە وەها ئەگەرێکا من گومانم لەوا نیە کە بەرەو هاوکاری و تێکەڵبوون لەگەڵیان هەنگاومان هەڵ ئەگرت. جا ئەگەر ئاکامی ئەم پشتیوانی و نزیکبوونەوە و تێکەڵبوونە، دورسبوون و گەشەکردنی جەرەیانێکی چەپ و سووسیالیستی(بە پێوەرەکانی ئەو کاتە)ببوای، دیارە ئیتر پێویستیەکی کۆمەڵایەتی بۆ دورسکردنی رێکخراوەیەکیتر لەو چەشنە نەدەمایەوە. بەڵام لەم ئەگەریشا من ناتوانم وەڵامێکی رۆشن بدەمەوە؛ چوونکوو نازانم لە بیر و بۆچوونیانا ئایا هەر کوردایەتی تەنها زاڵ بوو یان راوەستان لە بەرانبەر هەرچەشنە ستەمکاریەکدا(کە کۆمەڵە دووهەمیەکەی بوو).

- **کاریگەریی بزووتنەوەکانی دیکە لە کوردستانی گەورە لە سەر تێگەیشتنەکانی کۆمەڵە چی بوون؟**

من خۆم لە سەرەتاکانی خەباتمانا ئاگاداریەکم لە بزووتنەوەکانی دیکە لە کوردستانی باکوور و رۆژاوا(پێشتر ئەمانوت کوردستانی تورکیە و سووریە)نەبوو. لەبیرم نایێ لەو کاتا لەم بارەوە باسێکی چڕوپڕ لە هاوڕێیانی دیکەشم بیستبێ. بەڵام دەنگ و باسی بزووتنەوەی کوردایەتی لە کوردستانی باشوور(کوردستانی عێراق)- چ بە بۆنەی پەیوەندی لە مێژینەی لەگەڵ کوردستانی رۆژهەڵات(کوردستانی ئێران)دا و چ بە بۆنەی دەستێوەردانی حکوومەتی پەهلەوی لەو بزووتنەوەدا ـ کەم یان زۆر پێمان ئەگەیشت. ئێمەمانانیش لە سەرەتاوە و دووراودور سەمپاتیمان پێ بوو و پێمان خۆش بوو بە سەر دوژمنا زاڵ بێ؛ بەڵام کە وردەوردە زانیمان گیرۆدەی رێبەریەکی خێڵەکی و ئەهلی زەدوبەند و دیکتاتورمەسلەکە، نەتەنها هیچ کۆششێکمان بۆ پەیوەندی لەگەڵیانا نەکرد بەڵکوو هەڵوێستی رەخنەگرانەی توندیشمان بەرانبەریان پەیدا کرد. دیتنی ئەم وەزعیەتە و بیستنی هەبوونی رێبەرایەتی لەم چەشنە لە رابردووی فرەیەک لە بزووتنەوەکانی کوردا ـ سەرەڕای ئەوە کە بە پێی بۆچوونی لێنین باوەڕی تەواومان بە مافی نەتەوەکان بۆ چارەنووسی خۆیان بوو- وای لێمان کرد کە خەبات دژ بە ستەمگەری نەتەوایەتی تا حدوودێک بچێتە پەراوێزی بیر و بۆچوونەکانمانەوە و لە ئاست "خەباتی چینایەتی"دا وەکوو پاشکۆیەک چاوی لێ بکەین. لە هەمان کاتا ئەو باوەڕەیشی ناومانا بەهێزتر کرد کە مافی نەتەوەی کورد تەنها لە پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندا نەبینین بەڵکوو چۆنیەتی و ناوەرۆکی رابەری بزووتنەوەکە و حکوومەتی داهاتووی کوردی بە هەمان ئەندازەی خەلاسبوون لە دیکتاتۆری مەرکەزی بۆمان گرنگ بێت(کە ساڵها دوواتر لە "بەرنامەی کۆمەڵە بۆ خودمۆختاری کوردستان"دا خۆی نواند).

## بەشی سێهەم

### ساڵەکانی دەیەی ١٣٥٠

- **چ هۆکارگەلێک وای کرد ئەندامانی کۆمەڵە رێبازی چریکی هەڵنەبژێرن؟ ئەو تێگەیشتنە لە کوێوە سەرچاوەی دەگرت؟**

بە بۆچوونی من تێکئاڵیان(آلیاژ)ێک لە چەنشت بوو کە بنەرەتەکەیان لە تایبەتمەندیگەل کۆمەڵایەتی و مێژوویی و سیاسی کوردستانەوە ـ واتە تێک هەڵپێچرانی پرس و خەباتی چین و توێژە بندەستەکان لەگەڵ ژێردەستەیی نەتەوەیی و خەبات دژ بەو ژێردەستەییە ـ سەرچاوەی

ئەگرت(پێم وانیە هیچکاممان ئەوکاتە ئەم تایبەتمەندیگەلمانە بە روونی لەبەر چاو بووبێ).
ئەم نەتەوە مێژووییەک روو لە گەشەی دژ بە هەڵاواردن و سەرکوت و بێمافی تۆمار کردبوو و هێزە سەرەکیەکەی چین و توێژە زەحمەتکێش و نەدارەکان بوون. وەها نەتەوەیەک کە نە خوازیاری ژێردەستەکردنی نەتەوەیەکیتر بوو، نە بە شۆڤینیسم و فاشیزمی "تمامیت ارضی" و ئێرانچیەتی و نە بە بیرۆکەی ئیسلامی سیاسی و فاشیستی تووشیار(ئالوودە)بوو، زەمینەی ئەوەی هەبوو کە رێبازێکی تێدا لە دایک بێ کە دژ بە هەرجۆرە دیکتاتۆریەت و کۆنەپەرەستیەک بێ و قووڵترین باوەری بە دێمۆکراسی لە "خوارەوە" و "ئەوە خودی خەڵکە نەجاتبەخشی خۆیە"، ببێ. جا ئەم زەمینە کاتێک لەگەڵ بیرۆکەی ئامانجی رزگاری نیهایی گشت چەوساوەکان(کە هێشتا لە جیهاندا جێی هیوا بوو)پێکەوە لکان، "کۆمەڵە"یەکی لێ بەدی هات کە ئەیتوانی خوەی لە قازانج و بەرژەوەندی فێرقەیی ئازاد بکات و نە تەنها خۆی بە پێغەمبەر و باڵادەستی خەڵک دانەنێ بەڵکوو بەوپەری بەرپرسیاریەتیەوە بەدوور لە ماجەراجوویی و بیر و کردەوەی کورتبینانە، رێگایەک هەڵبژێرێ کە بۆ خەڵک و لەناو خەڵکا و لە خزمەت گەشە پێدانی خەباتی یەکگرتووانەی خەڵکا بێ. دیارە ئەم تایبەتمەندیە و ئەم بۆچوونە بنەڕەتیە لەگەڵ "مشی چریکی"دا ـ واتە خەباتی چەکداری گرووپێکی چکۆلە بۆ "هەڵخڕاندن" یان "ئاگاەکردنەوە"ی جەماوەری خەڵک ـ یەک ناگرێتەوە. ئێمە لێمان روون بوو کە رێبازی چریکی نەتەنها زەربەیەک لە رژیم و لە سیاسەتەکانی نادات بەڵکوو زەبر و زەنگ و فشاری رژیم دژ بە خەباتگێران فرەتر ئەکاتەوە؛ نە تەنها ئاگاهییەک لە ناو خەڵکا گەشە پێ نادا و یەکگرتوویەکی جەماوەری پێک ناهێنێ بەڵکوو یان خەڵک ئەترسێنێ یان چاوەڕوانی "قارەمانەکان"یان ئەکا.
بێجگە لەو خاڵانەی سەرەوە، ئێمە ئەزموونێکی تازەشمان(بزووتنەوەی پارتیزانی ساڵەکانی ٤٦ـ٤٧ ی هەتاوی)لە بەر دەستا بوو کە بە هی "خۆمان"مان ئەزانی و بەم بۆنەوە دەرسیشمان لێ وەرگرت؛ لە حاڵێکا چریکە فیداییەکان هیچکات بە هی خۆیانیان نەزانی و هیچ بایەخێکیشیان پێ نەدا. جێگای سەرنجە کە تا ئێستاش دەسپێکی شەڕی چەکداری لە ئێران دژ بە رژیمی پەهلەوی، بە مانگی بەهمەنی ساڵی ٤٩ی هەتاوی( شەڕی "سیاهکل")ئەزانن! دیارە چ ئاگایان لێ بێ و چ ئاگایان لێ نەبێ، کورد نە تەنها بە شارۆمەندی دەرەجە دوو بەڵکوو تەنانەت بە ئێرانیشی نازانن!
هەروەها بەبۆنەی دڕندەیی و خوێنخۆری دوژمنانی کوردەوە، دەسبردن بۆ چەک بۆ دێفاع لەخۆ لە کوردەواریا لە رووی ناچاریەوە یان بە پێی هەل و مەرج، وەکوو شتێکی "ئاسایی" لێ هاتووە. لە حاڵێکا نەفسی شەڕی چەکداری بۆ چریکی فەدایی وەکوو شتێکی پیرۆز(موقەدەس) بە حێساب دەهات. واتە خارج لە هەل و مەرجی کۆمەڵایەتی ـ سیاسی و پێویستی و گونجاو بوونی لە کاتی خۆیدا، بە بۆچوونی چریکەکان شەڕی چەکداری لە بەرانبەر زاڵما و قوربانیبوون، خۆی لە خۆیدا کارێکی پیرۆز بوو(ئەم بۆچوونە ئەتوانێ لە ژێر کاریگەری فەرهەنگی "عاشوورای حسینی" لە مەزهەبی شێعەشدا بووبێ).
با کۆرتەیەکیتریش لە قسەکانی سەرەوە زیاد بکەین: لێنین لە کتێبی "چە باید کرد"ا رەخنەیەکی زۆر باش و پڕناوەرۆکی لە بەرانبەر "مشی چریکی"دا هەیە؛ هەروەها هەر لە زەمانی هاتنی "مانیفست کمونیست"ەوە بگرە تا بیرۆکەکانی مائۆ و... بەگشتی پێمانیان ئەوت شۆڕش کاری جەماوەری خەڵکە؛ و....؛ بەڵام کاریگەری ئەم رەخنە و بۆچوونانە لە ناو چەپی ئێرانا یەکجۆر نەبوو: لە کوردستانا ئەبێ بە جەرەیانی چەپی ئەسڵی و لە زۆربەی ئێرانا ئەبێ بە فەرع. "مشی تودەیی" لە ناو چەپی کوردستانا ئەبێ بە گوتاری زاڵ بەڵام لە دەرەوەی کوردستانا، لە بەرانبەر "مشی چریکی"دا ئەکەوێتە پەراوێزەوە. تەنانەت جەرەیانێکی دینی(مجاهدین خلق) کە شەڕی چریکی شاریی هەڵئەبژێرێ و خوەی بە چەپی

فیدایی بە نزیک ئەزانیٚ لە دەرەوەی کوردستانا پێک دێ، لەحاڵێکدا لە کوردستانا شتی وا روو نادات.
وە سەر ئەنجام: پەیدابوون و گەشەی نەسڵێکی نوێی خوێندکار کە تا ئەو ئەندازە بە هۆش و زەکاوەتی سیاسی و متمانە بەخۆ گەیشتبێتن کە نەکەونە شوێنی کەش و هەوای زاڵ("جو مسلط") رۆڵی گرنگی هەیە. لەم لێحازەوە کاک فواد لە هەموان سەرتر بوو.

- **چ هۆکارگەلێک وای کرد لە باری رێکخراوەییەوە نهێنی کاری بەوجۆرە هەڵبژێرن کە رێکخراوەکە ناوی نەبێت و ئەندامان و کارەکانیان زۆر بە نهێنی بمێننەوە؟**

هۆکاری سەرەکی، نهێنیکاری لە بەرانبەر رژیمی ئەشکەنجە و زیندان و سەرکوتا بوو. کاتێک کە هیچ ئیمکانێک بۆ خەباتی سیاسی و بانگەشەی ئاشکرا، بوونی نەبوو، ئەبوا رێگەی کاری نهێنی لەسەرخۆ و "خشت لەسەر خشتدانان"مان بگرتایتە بەر. جا لەم کارەدا هێشتا بنەڕەتێکی سەقامگیر و بە تاقەت و توانی ئیدامەکاریت پێک نەهێنابێ بەڵام لە سەر کاغەزەوە بە دوژمنەکەت بڵێی ئەوە من رێکخراوەیەکم کە دەمەوێ بتڕووخێنم کارێکی عاقڵانە نەبوو و تەنها ئەبووە لافـلێدانێک کە ئاکامەکەی هۆشیارکردنەوەی زۆرتری دوژمن بۆ وەکارخستنی ئەوپەڕی هێزی بۆ لەناوبردنی تەواوی رێکخراوەکە بوو.

- **رێکخراوی کۆمەڵە چەندە لە دەرەوەی کوردستان واتە لە شارەکانی ئێران کەسی هەبوو؟**

پێش شۆڕشی ٥٧ لە تاران، ئەسفەهان، لوڕستان، هەمەدان، تەبرێز و مەشهەد بە ژمارەیێکی کەم(بە نێسبەت کوردستان) کەسی هەبووە بەڵام دوای رووخانی شا، رووی لە زیادبوون کرد.

- **کاریگەریی کۆمەڵەی رەنجدەران؟**

لە ئەوەڵەوە ناویان "کۆمەڵەی مارکسی ـ لێنینی" بوو. من یەکەم جار کاتێک لە زیندانا بووم، لە دیدار لەگەڵ زیندوویاد جەمیل برامدا(کە ئەندامی "تەشکیلات"بوو)خەبەرەکەم بیست. فرە خوەشحاڵ بووم و لە هەمان کاتیشا لە پشت مێلەکانەوە هەر ئەونەم توانی بە جەمیل بێژم کە "ئەبێ وریا بین بزانین لە کردەوەدا چۆنن چوونکە تەنها بە قسە و ئیددێعا کەس نابێ بە مارکسی و لێنینی"...
من پێم وایە پێکـهاتنی کۆمەڵەی رەنجدەران بۆ هەموومان دڵخۆشکەر و هیوابەخش بوو و وەک هەنگاوێکی گرنگی روو لە پێش لە بزووتنەوەی کوردستانی باشووردا چاومان لێ ئەکرد. هەر بۆیەش بۆ پەیوەندیگرتن لەگەڵیانا و خۆشکردنی رێگا بۆ هاوکاری و هاوپشتی کۆتاییمان نەکرد. ئەڵبەت لە بار بیروبۆچوونەوە پێم وا نیە کاریگەریەکیان لە سەرمان بووبێ.

- **کۆمەڵە چەندە لە ژێر کاریگەریی مائۆئیسمدا بوو؟ تێگەیشتنێکی گشتی هەیە کە کۆمەڵە وەک مائۆئیست دەناسێنێت (وەک خاڵێکی مەنفی).**

من لە بیرم نایێ هیچکام لە ئێمە خۆمان بە "مائۆئیست" ناساندبێ. بۆ روونکردنەوەی زیاتر سەرنجتان بۆ وەڵامی پرسیاری پێنجم لە بەشی یەکەم(پێگەی کۆمۆنیزمی شوورەوی و ئەزموونی چین...)رائەکێشم. لە راستیا ناساندنی کۆمەڵە بە مائۆیست و "کومەلەی دهقانی" و لەم قەبیلە وەک خاڵێکی مەنفی، زۆرتر لە لایەن نەیارانی ئێمەوە(توودەیی، فەدایی و ...)بوو.

## بەشی چوارەم
## شۆڕشی ١٣٥٧ هەتا ١٣٥٩

- **کۆمەڵە چۆن توانی لەماوەیکی کەمدا لە باری ڕێکخراوەییەوە گەشە بکات، لە کاتێکدا پێش شۆڕشی ٥٧ بەوجۆرە بە نهێنی مابوەوە؟ مەبەستم ئەوەیە چۆن لە هەموو شارەکان کۆمەڵە لق و پۆی سەند؟ هۆکاری سەرەکی کامەیە؟**

لە راستیا کۆمەڵە هەر لە کاتی نهێنیبوونیشیا بە بۆنەی هەڵبژاردنی رێبازی دورستی "چوونە ناو خەڵک" و تێکەڵبوون لەگەڵ دەرد و رەنجی خەڵکا، لق و پۆیەکی باشی لە زۆرێک لە ناوچەکانی کوردستانا پەیدا کردبوو؛ بەڵام هۆی گەشەکردنی دوایی بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە ئەگەڕێتەوە:

- یەکەم شت هۆکارێکی گشتیە وا لە وڵاتانی دیکتاتۆریا - کاتێک حکوومەتەکە لە بەرانبەر خەباتی جەماوەریا تووشی لاوازی ئەبێ و بەرەو رووخان ئەچێ - دێتە ئاراوە. لە وەها هەل و مەرجێکا هەموو جەرەیانەکان گەشە ئەکەن و دیارە کۆمەڵەش کە خۆیشی بەشێک بووە لەم خەباتە، لەم قانوونە بێبەری نەبووە.

- دووهەمینی، لە لایەکەوە سیاسەتی ئاشکرای ئازادیخوازانە و بێگەرد و بێ ئەملاو ئەولای چ لە بەرانبەر رژێمی شا و چ لە بەرانبەر رژێمی ئیسلامی و گشت هێزە کۆنەپەرستەکانا و لە لایەکیترەو خەباتی ماندوویی نەناسانە بۆ بەدیهێنانی حاکمیەتێکی دادپەروەرانەی خەڵکیی، لێوانلێو لە ئازادیە سیاسیەکان، سکوولار، پێشکەوتوو و دوور لە هەر جۆرە هەڵاواردنێک.

- سێهەمینی، ئەوە کە - بە هۆی تایبەتمەندیگەل نەتەوەیی و مێژوویی کۆمەڵگای کوردستانەوە کە خەباتێکی سکۆلار و دێمۆکراسیخوازی جەماوەری و هەرە بەهێزی تێیدا شکۆفیابووەوە - حاکمیەتی دینی نەیتوانی دەموودەس دوای رووخانی رژێمی شا، دەسەڵاتی فاشیستی خۆی وەکوو باقی ئێران بەسەر کوردستانا داسەپێنێ(هەروەها جەرەیانی دینی ئەحمەدی موفتیزادەش نەیتوانی ببێ بە بەر هەڵستێکی گەورە).

- چوارەمینی، بوونی کەسانێک لە نێو ریزەکانی کۆمەڵەدا(چ نێوی ئەندامیان لەسەر بووبێ یان نا)کە ناسراو و لەخۆبوردوو و جێگەی متمانەی خەڵکی زەحمەتکێش و ستەمدیدە بوون.

- **ڕۆڵی کۆمەڵە لە گەشەی بزووتنەوەی کوردستان بەدوای شۆڕشی ٥٧دا چۆن دەبێ ببینین؟ یا، ئەگەر کۆمەڵە نەدەبوو، چ بۆشاییەک لە بزووتنەوەی کوردستاندا درووست دەبوو؟**

پەرەمپەرەم بوونی کۆمەڵە لەم ساڵانەی دواییا و کاردانەوەی نەرێینی لە کوردستانا و هەڵسەنگاندنی لە بەرانبەر دەورانی پێش جیاییەکانا، تا ئەندازەیەکی زۆر ئەتوانێ وەڵامی ئەو پرسیارەمان بۆ روون بکاتەوە. دیارە هیچ رێکخراو و تاکەکەس و کۆڕ و کۆمەڵێک(لە باشترین و رێکوپێکترینەکانیشی) بێ عەیب و ئیراد نەبووە و هەرگیزیش نابێت؛ کۆمەڵەش هەروەها. بەڵام ئەگەر مێژوویی و راستبینانە(نەک ئیدەئالی و بۆ عەیبگری رقەبەرانە)چاو لە بابەتەکە بکەین، کۆمەڵە(بە تەواو کەم و کەسریەکانیشیەوە) جێگەی هیوا و ئەستێرەیەکی درەوشاوەی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گشت ستەملێکراوان لە کوردستان و ئێران و بگرە گشت رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو. کۆمەڵە نە لە بەرانبەر رژێمی فاشیستی ئیسلامیا سەری دانەواندەوە و نە هیچ فریوکاریەکی ئەو رژیمە کاری تێکرد. کۆمەڵە نە حیزبی توودە بوو، نە "ئەکسەریەت"؛ نە "موجاهدین خەلق" بوو، نە "پەیکار" و نە هیچ رێکخراوەیەکیتری ئێرانی لەو چەشنە... لە کوردستانیشا لە بەرانبەر گشت کۆنە پەرستان و هەرچەشنە پاوانخوازی لە لاییکەوە و سازشکاری لەگەڵ دوژمنانی بەشەریەت لە لایەکیترەوە سەربەرزانە راوەستا. ئەم جیاوازیگەلە لە رووی فێرقەگرایی و بەرژەوەندی حیزبی و بۆ خۆداسەپاندن بەسەر خەڵکا نەبوو، بەڵکوو بیرێکی رۆشنی ئینسانی لە پێناو رزگاری چەوساوەکانی لە پشت بوو و بە پێی پێویستیەکی مێژوویی هاتە مەیدان و بوو بە وەها هێزێکی کۆمەڵایەتی کە بۆ کەس ناسڕێتەوە. ئەم خاڵانە لەگەڵ وەڵامی پرسیارەکەی پێشوودا کۆ بکەنەوە، پێم وایە بە جوابێکی رۆشنمان

ئەگەیێنێ کە ئەگەر کۆمەڵە نەبوایێ بزووتنەوەی کوردستان هەر لە هەنگاوەکانی یەکەمیەوە چی بەسەر دەهات.

- **ڕەخنە لە بۆچۆنی 'خومەینی و ڕژیم وەک دژی-ئیمپریالیزم'. ئەم تێگەیشتنە کە مێژووو درووستییەکەی سەلماندوە، چۆن لای کۆمەڵە پێک دێت؟**

لەو تایبەتمەندیە بنەڕەتیانە(باوەڕی تەواو بە ئازادی و دێمۆکراسی و پێشکەوتنخوازی و...) سەرچاوەی ئەگرت وا پێشتر باسمان کرد. هەر وەها بە دیتنی نموونەگەلی زۆر لە ئاستی دنیا و خوێندنی لێکدانەوەکانی لێنین لە بارەی ئەمپێریالیزمەوە گومانمان لەوەدا نەبوو کە بە قەولی لێنین "ئەمپێریالیزم لە باری سیاسیەوە بریتیە لە بەکارهێنانی سەرکوتگەری و کۆنەپەرستی".
هەر لە کۆبوونەوی سەرانی وڵاتانی زلهێزەوە لە "گوادولۆپ" تا هێنانی کۆنەپەرەستێکی وەکوو خومەینی بۆ پاریس، دیار بوو قەرارە چ جێگرێک دوای رووخانی حکوومەتی پەهلەوی بە سەر ئێرانا داسەپێنن... حاکمیەتی ئیسلامی هەر لە ڕۆژی ئەوەڵەوە دەسی کرد بە سەرکوت و کوشتاری ئازادیخوازان، ژنان، کرێکاران، نەتەوەکان و ... واتە کردەوەگەلێک کە هیچ ناتەباییەکی لە بەرانبەر سیاسەت و بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتە ئەمپێریالیستیەکان لە ئاست وڵاتانی ژێردەستەدا نەبوو. کە وا بوو، ئێمە هیچ گومانێکمان لەوەدا نەبوو کە جلو بەرگی "دژە ئێمپێریالستی"ەک وا حاکمیەتی دینی و دژەبەشەری ئیسلامی لە بەری کرد، لە لایەکەوە روانگەیەکی کۆنەپەرستانە و دژ بە هەر جۆرە فەرهەنگ و داب و نەریتێکی پێشکەوتووی جیهانی و بە تایبەت وڵاتانی رۆژاوایی بە سەریا زاڵە و لە لایەکیترەوە بۆ دوژمنتراشی فریوکارانە لە پێناو چارەسەری قەیرانی حکوومەتی خۆی بەکاری دێنێ. ئەگەر ئەم دوژمنتراشیە زەرەرێکی بۆ وڵاتانی ئەمپێریالیستیش بووبێ بە دەیان قات قازانجی سیاسی و ئابووری بۆیان بەدی هێنا.
ئەڵبەت ئەم دوژمن تراشی و بەرگی "دژە ئەمپێریالیزم" لەبەر کردنە لە دنیای دوو جەمسەری "رۆژهەڵات" و "رۆژاوا" دەیتوانی بەعزە قازانجگەلێکیش بۆ رووسیە دەستەبەر بکا.
جەرەیاناتی سەر بە "ئوردووگای سوسیالیستی"، رووسیەیان بە ناوەندی سوسیالیزمی جیهانی دەزانی کە پاراستنی لە بەرانبەر دوژمنانی ئەمپێریالیستا، ئەرکی سەرەکی هەموو حێزبە "سوسیالیستی"ەکان بوو و لەم پەیوەندیا پشتیوانی و هاوکاری لەگەڵ هەر هێز و حکوومەتێکی "دژە ئەمپێریالیستی"دا(تەنانەت وەکوو رژیمی فاشیستی ئیسلامی ئێرانیش)ڕێگە پێدراو بوو.
کۆمەڵە بە تەواوی دژ بەم جۆرە لێکدانەوە و سیاسەتانە بوو و لە بەرانبەر ئەم روانگەیشا سەربەرزانە هاتە دەرەو. بەڵام جەرەیاناتێک وەکوو حێزبی توودە و چریکی ئەکسەریەت کە "فریو"ی ئەو دورشمە درۆینە و کۆنەپەرەستانەیان خوارد و بەرەو هاوکاری رژیم و خەیانەت بە خەلک رۆیشتن، نیشانیان دا۔ بە پێچەوانەی بیروو بۆچوونەکانی کۆمەڵە ۔ لە لایەکەوە خزمەتکاری قازانج و بەرژەوندی و سیاسەتی دەرەوەی دەسەڵات داریەتی دیکتاتۆری رووسیە وەکوو سەرکردەی ئوردووگای بەنێو"سووسیالیستی"بوون و لە لایەکی ترەوە دێمۆکراسی و ئازدیخوازی بە لایانەو بایەخێکی نەبوو(یان بایەخێکی زۆر کەمی بوو).

- **حێزبی کۆمۆنیستی ئێران:**
  - **هەوڵی کۆمەڵە بۆ پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیست ئێران چۆن تەوزیح دەدرێ؟**

بەپێی بۆچوونی رەوتی چەپ و سووسیالیستی لە سەرانسەری دنیا، پێکهێنانی حێزبی کۆمۆنیست لە هەر وڵاتێکی سەرمایەداریا بۆ رووخاندنی سەرمایەداری و بەدیهێنانی حاکمیەتی چینی کرێکار و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سووسیالیستی، یەکێ لە ئەرکە سەرەکیەکان بوو. کۆمەڵەش کە خۆی بە بەشێک لەو رەوتە دەزانی، هیچ گومانی لەوەدا نەبوو

که سەرئەنجامی خەباتی لە نێو کرێکارانی ئێراندا(بە چاوپۆشی لە جیاوازیگەل نەتەوەیی، مەزهەبی، زبانی و ...)دەبێ بە پێک‌هاتنی حێزبێکی سەراسەری کۆمۆنیستی و کرێکاری بگات. حێزبێک کە ئەرکی رێبەری خەباتی گشت چینی کرێکار بەرەو ئامانجە کورت خایەن و درێژخایەنەکانی بەرێوە ببات.
بێجگە لەو بۆچوونە گشتیە، لە ژێر کاریگەری شۆڕشی ساڵی ٥٧ و رووخانی رژیمی دیکتاتۆری پاشایەتیدا چەپ بە گشتی توانی گەشەیەکی زۆر بکا. لە هەل و مەرجێکی وەهادا بوو کە ئێمە توانیمان(بە عەقڵیەتی ئەو کاتەمان) ئەرکی پێک‌هێنانی حکا(دیارە بە کەم و کەسریەکی زۆرەوە)بەجێ بێنین.

- **کاریگەرییە سەرەکییەکانی حیزبی کۆمۆنیست لە سەر کۆمەڵە چۆن دەبینن؟**

لە سەرەتاکانا کاریگەریەکی ئەرێنی لەسەر کۆمەڵە و بە تایبەت لەسەر بەشێک لە چەپەکانی ئێران ـ لە ئاستی سیاسی و بەرنامەیی و هیوابەخشیەوە ـ بوو(بەشێکیتر لە چەپەکان نەک لە رووی دڵسۆزی و لێکۆڵینەوەی بەرپرسانەوە، بەڵکوو یان لە رووی خۆ بەزلزانی و لە روانگەیەکی فیرقەگەرایانەوە یان بەهۆی سەر بە شوورەوی‌بوونیان، دژ بەم کارەی ئێمە بوون). بەڵام وردەوردە کە لە لایەکەوە ئەم حێزبە نەیتوانی لە ئاستی سەرانسەریا وەکوو کۆمەڵە پێگەی کۆمەڵایەتی بەدەس بێنێ و لە لایەکیترەوە بزووتنەوەی کوردستانی رۆژهەڵاتیش لە باری سەربازیەوە بەرەو لاوازی چوو و مەیدانی خەباتی پێشمەرگەش رۆژ بەرۆژ بەرتەسکتر بووەوە، ناکۆکیەکان سەریان هەڵدا. لە وەها هەل‌ومەرجێکدا بوو کە "کمونیسم کارگری" بە رابەری "مەنسوور حێکمەت" هاتە مەیدان و هۆی سەرنەکەوتنی "حکا"ی لە ناسیۆنالیزمی نێو کۆمەڵەدا دیتەوە!(سەرنجتان بۆ "تاریخ بازنده" رادەکێشم کە تا رادەیەک بە چڕوپڕ لەم بارەوە قسەم کردوە).
بەلای منەوە ئەزموونی پێک‌هێنانی حکا بە تەواوی کەم و کەسری و دەردیسەرەکانیەوە، ئەزموونێکی گرنگ بوو و راستیەکی خستە بەرچاو کە رەنگە بە بێ ئەو ئەزموونە هەرگیز نەمانزانیبای: ئەویش ئەوە کە لە ئێرانی چەند نەتەوەیی و لێوانلێو لە ستەمکاری نەتەوەییدا ـ بە هۆی جیاوازیگەل سیاسی و کۆمەڵایەتی قووڵ و بەرچاوی نەتەوەکان ـ حێزبی یەکگرتووی چەپی سەرانسەری(بە یەک ناوەندەوە) ناتوانێ بوونی هەبێ(لە باتیا دەکرێ و پێویستیشە کە هاوکاریگەلی کاتی و بابەتی بەرێوە بچێت). گرنگی ئەو ئەزموونە ئەتوانین لە سەرێکی دیکەشەوە ببینین: لە حاڵێکدا هیچ ئاسەوارێک لەو حێزبە نەماوە، هێشتا بەشێک لە هاورێیانمان دڵیان بە تابلۆیەک بە ناو حکا خۆشە و لەم بارەوە خەیاڵ و راستی بە لایانەوە جیاوازیەکی نیە. جا بزانن ئەگەر ئەو ئەزموونە نەبوایە، لایەنگرانی کاری بێئاکامی "پێک‌هێنانی حێزبی کۆمۆنیستی ئێران" هەر ئێستاش چەندە بوون و هەرا و "چالاکی" و گێرە و کێشە لەم بارەوە لە چ ئاستێکا بوو!

## بەشی پێنجەم
## دەیەی ١٣٦٠

- **کۆمەڵە لە کۆتایی دەیەی ١٣٤٠دا، بە رەخنە لە رێبازی چریکی و بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتی پێک دێت. کەچی لە ساڵەکانی ١٣٥٨ بەولاوە، دەبێتە لایەنێکی گرینگی خەباتی چەکداری لە کوردستان. ئایا هۆکاری ئەمە دەبێ بگەرێنینەوە بۆ نیزامی‌کردنی کوردستان و ئەوەیکە دەرەتانێکی دیکە بۆ درێژەی خەبات و ژیان نەمابوو، یا بۆ گۆڕینی تێگەیشتنی کۆمەڵە لە رێبازی چەکداریی؟**

نەخەیر، تێگەیشتنی کۆمەڵە لەم بارەوە نەگۆڕدرابوو؛ ئێمە لە رووی ئەزموونەکانی سەرانسەری دنیاوە، هەر لە سەرەتای کاری سیاسیمانەوە باوەڕمان بەوە بوو کە حکوومەتە دیکتاتۆر و سەرکوتگەرەکان بە بێ شەڕی چەکدارانە لەسەر کار لاناچن. بەڵام بە پێچەوانەی چریکە فیداییەکان، کاتێکمان بۆ ئەم کارە بە گونجاو ئەزانی کە جەماوەری خەڵک(وەکوو یەکێ لە شەرتەکانی سەرکەوتن)بۆ بەشداری لەم شکڵە لە خەباتا ئامادە بووبێتن.
لە گەلاوێژی ۱۳۵۸ بەم لاوە دوو شت بوونە هۆی ئەوە کە کۆمەڵە لێبڕاوانە و بە تەواوی توانەوە بچێتە مەیدانی شەڕی پێشمەرگانە و بانگەوازی بۆ بکا( بەیانیەی "خلق کرد در بوتەی آزمایش"): یەکەم ـ هێرشی رژیمی ئیسلامی وەک هێزێکی داگیرکەر بۆ سەر کوردستان.
دووهەم ـ ئامادەبوونی خەڵکی کوردستان بۆ پشتیوانی و بەشداری لە شەڕی دژ بەم هێرشەدا.
ئەڵبەت بەر لە هێرشی سەرانسەری ۲۸ی گەلاوێژی رژیم بە فەرمانی خومەینی، کۆمەڵە لە چەند شەڕی دیفاعیتردا بەشداری کردبوو(بەرانبەر بە هێرشەکانی پادگانی سنە و پادگانی مەریوان و چەکدارەکانی مەکتەبی قورئان لە مەریوان؛ هەروەها بەرپەرچدانەوەی پیلانگێڕی چەکدارانەی بەعزێک لە ئاغاوات و سەرۆک عەشایرەکان کە بۆ بووژاندنەوەی دەسەڵاتی کۆن بەسەر جووتیارەکانا هاتبوونە مەیدان؛ لەم پەیوەندیا پێکهێنان و چالاکی "یەکیەتی جووتیارانی مەریوان" بە رێبەری کاک فوئاد جێگای گرنگ و تایبەتی خۆی هەیە و ...).

- **بەنیزامیکردنی کۆمەڵە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت؟**

ئەگەر مەبەست لە "بەنیزامیکردن"، پێشمەرگایەتی بێت، پێم وایە لە پرسیاری پێشووا وەڵامم داوەتەوە. ئەگەر مەبەست لەو عێبارەتە، حاکمیەتی چەک بەسەر سیاسەتا و لە پەراوێز خستنی سیاسەت و ئامانجەکان بێت، قەت شتی وا نەبووە و کۆمەڵە بێوچان بۆ هەرتا روونترکردنەوەی ئامانجەکانی و ئاگاکردنەوی خەڵک، بە تەواوی هێزەوە تێکۆشاوە.

- **دەوری کۆمەڵە لە خەباتی چەکداریی دوای هێرشی رژیمی ئیسلامی لە ۲۸ی گەلاوێژی ساڵی ۱۳۵۸دا چییە؟ چ پێناسەگەلێکی نوێی بە بزووتنەوەی کوردستان دا؟**

ئەتوانم ـ بە دوور لە رکنی(تعصب، رکە)و بەرژەوندی رێکخراوەیی و لەمانە ـ بە دڵنیاییەوە بڵێم کۆمەڵە بە دوای رووخاندنی رژیمی شا و دەسپێکردنی چالاکیی ئاشکرا، چ لە خەباتی چەکداری و چ لە خەباتی سیاسی و مەدەنیا تاقانەیەک بوو لە مێژووی کوردستان و بگرە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا:
<u>یەکەم</u> ـ کۆمەڵە بە شوێن هیچ قازانجێکی رێکخراوەیی یان تاکەکەسی لە بانسەری خەڵکەوە نەبوو. رزگاری خەڵکی زەحمەتکێش و چەوساوە لە هەژاری و ژێردەستەیی و هەرجۆرە ستەم و هەڵاواردنێک پێناسە و ئامانجی بنەڕەتی بوو؛ بە جۆرێک کە رووناکایی خستبووە سەر هەموو کردەوەکانیا. چەکی پێشمەرگایەتی کۆمەڵە لە خزمەت ئەو بیروبۆچوون و ئامانجەدا بوو(بە لای منەوە ئەوانە وا دواجار لەم پێناسە بنەڕەتیە لایاندا، بە ناحەق نێوی "کۆمەڵە"یان لەسەر خۆ هێشتووەتەوە).
<u>دووهەم</u> ـ کۆمەڵە بە ژن و بە پیاوەوە ئەو بیرو بۆچوون و بنەمایەی تێیدا پێک هاتبوو کە ببێتە جێگەی خەباتی گشت ژنانی تێکۆشەر و ئازادیخواز و ببێتە ئاڵاهەڵگری بێ ئەملا و ئەولای رووخاندنی داب و نەریت و دەستووری کۆنەپەرستانە و پیاو سالارانە و فاشیزمی دینی دژ بە ژن. بەشداری ژنانی کۆمەڵە لە خەباتی پێشمەرگانەشدا، دیاردەیەکی پڕ لە شانازی بۆ ژنان، بۆ کۆمەڵە و بۆ گەلی کوردە.
<u>سێهەم</u> ـ کۆمەڵە هیچکات تووشی خۆشخەیاڵی و تەوەهۆم بە دەوڵەتی سەرکوتگەری ناوەند و دەسەڵاتی فاشیزمی ئیسلامی نەبوو. لەم پەیوەندیا نە خەڵکی بە لاڕێدا برد و نە هەرگیز

ژێربەژێر بە شوێن سات و سەودا لەگەڵ دوژمنی داگیرکەرا تاقە هەنگاوێکی هەڵگرت. کاتی وتووێژ لەگەڵ دوژمنیشا هیچی لە خەڵک نەدەشاردەوە. بە لای منەوە ئەگەر هەموو هێزەکانی کوردستان وەکوو کۆمەڵە سەر و ماڵیی دژ بە رژیمی ئیسلامی راوەستابان و یەکگرتوویی دژ بە دوژمنی داگیرکەریان بکردایە سیاسەتی سەرەکی خۆیان، مەحاڵ بوو شکستی سەربازی بخۆین و من گومانم لەوەدا نیە کە دوژمنی فاشیستمان بە چۆکدا دەهێنا و باقی خەڵکانی ئێرانیشمان دژ بەو رژیمە(کە هێشتا خۆیشی بەتەواوی سەقامگیر نەکردبوو)دەهرووژاند.

چوارەم - کۆمەڵە لە پێکهێنانی شووراکان، جەمعیەتەکان، بنکەکان و هەرچەشنە کۆڕ و کۆمەڵی مەدەنی و دێمۆکراتیکدا(هەر ئەوەندە کە رێبازێکی ئازادیخوازانە، پێداگر لە مافە ئینسانیەکان و پێشکەوتنخوازانەیان بگرتایە بەر)رۆڵی سەرەکی لە خۆ نواند و بەشدار و پشتیوانی هەموویان بوو. هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە خزمەت بنەماگەلێکی لەو چەشنەدا بوو.

پێنجەم - کۆمەڵە ئاڵاهەڵگری سکولاریزم و دژ بە هەر دارودەسە و تاقمێک(وەک جەرەیانی ئەحمەد موفتیزادە) بوو کە بۆ داسەپاندنی دەسەڵاتی دینی بەسەر خەڵکا، فریوکاری و پیلانگێڕی چەکدارانە و تەنانەت هاوکاری رژیمی فاشیستی ئیسلامیشیان ئەکرد. لە هەمان کاتا کۆمەلە لەگەڵ هەر باوەڕمەندێکی دینی و مامۆستایەکی ئایینیدا کە لە ریزی گەلی کوردا بۆ ئازادی و پێشکەوتنخوازی خەباتی بکردای پەیوەندی دۆستایەتی و هاوخەباتی چڕ و پڕی دادەمرزاند. لەوانە ئەتوانین پێش هەمووان لە کەسایەتی سکوولار و پێشکەوتنخواز، سەربەرز و کۆڵنەدەری گەلی کورد زیندوویاد مامۆستا شێخ عێزەدینی حسەینی یاد بکەین.

پێشمەرگەکانی کۆمەڵە هەر لە سەرەتاکانی خەباتی چەکدارانەوە بەدواوە، ئەرکی پاراستنی مامۆستا و چالاکانی دەفتەری مامۆستایان لە ئەستۆ گرتبوو.

شەشەم - کۆمەڵە لە پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی بەعسی عێراق و کەڵک وەرگرتن لە شەڕ و کێشەی بەینی دوو رژیمی ئێران و عێراقدا پاکترین و بەپرەنسیپترین بوو و هیچکات بایەخە ئینسانی و سیاسیەکانی نەخستە پشت گوێ(هەر بۆیەش لە لایەن رژیمی فاشیستی عێراقەوە جارێک بومبارانی خووشەیی و جارێکیش بومبارانی شیمیایی کراین). ئێمە لە دەسپێکی شەڕی ئێران و عێراقدا لە بەیانیەیەکدا ئەو شەڕەمان لە هەر دوو لاوە مەحکووم کرد و وتمان هەر دووک حکوومەتەکە فاشیستین و ئەم شەڕە دژ بە خەڵکی هەردووک وڵاتەکەیە. بەڵام دوای پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی عێراقا، بانگەشەمان دژ بەو حکوومەتە راگرت؛ تەنها ئەوە نەبێ کە کوشتنی خەڵکی غەیری نیزامیمان لە هەرلایەکەوە ببوای مەحکووم ئەکرد. جا چ بەم بۆنەوە و چ بە بۆنەی پەیوەندی دۆستانەمان لەگەل یەکیەتی نیشتمانی و کۆمەڵەی رەنجدەرانەوە، مەقاماتی عێراقی لە وتووێژەکانا نارەزایەتی خۆیان دەر ئەبڕی و بە تایبەت زۆرجار دەیان وت نابێ لەگەڵ "مخربین"(یەکیەتی)دا پەیوەندیمان هەبێ. دیارە ئێمە نەچووینە ژێر بار داخوازیگەلێک لەم جۆرە و تەنانەت تا ئەو جێگا کە پێویست بوو و پێمان بکرابایت زۆر بە نهێنی یارمەتی دۆستانی خۆمانمان دەدا.

حەوتەم - کۆمەڵە رێکخراوێکی پاوانخواز نەبوو؛ هیچکات باوەڕی بەوە نەبوو کە خۆی بە زەبری چەک بەسەر خەڵک و ئەحزابیترا داسەپێنێ و لە کردەوەدا پێداگری ئازادی و مافی بێ ئەملا و ئەولای هەموان لە گشت بوارەکانی باوەڕ و وتار و خەباتی سیاسی و رێکخراوەییدا بووە. کۆمەڵە هیچ رۆڵێک و خەتایەکی لە پێکهاتنی شەڕی چەکداری نێوخۆییدا نەبووە؛ مەگەر ئەوە بەرگری لەخۆ - کاتێک بدرێیتە بەر هێرشی چەکدارانە - بە خەتا بزانین.

هەشتەم - یەکێ لە شانازیە بەرچاوەکانی کۆمەڵە سیاسەتی رەفتاری ئینسانی لە بەرانبەر ئەسیرەکانی دوژمن و پاشانیش ئازادکردنیان بوو. تەنها کەسانێک لە زیندانا رائەگیران کە

لێمان یەقین ببوای نۆکەری سەرووماڵی ڕژیمی ئیسلامین و بۆ ڕشتنی خوێنی خەڵکی کوردستان پەروەردە کراون.
نۆهەم ـ بە سەرنجدان لەو بابەتانە وا تا ئێستا باسمان کرد، ئەتوانین خاڵێکی گرنگیتریش بخەینە بەر چاو: ئەگەرچی پرسی نەتەوەیی بۆ کۆمەڵە لە باری گوتاریەوە تا ئەندازەیەک لە پەراوێزی پرسی چینایەتیا بوو، بەڵام لە کردەوەدا پەیگیرترین و لێبراوترین خەباتکاری دژ بە دوژمنی سرکوتگەر و داگیرکەری فاشیست لە پێناو بەدیهێنانی مافی چارەنووسی نەتەوەی کوردا بوو. لە هەمان کاتا لە ناوەرۆکدا، لەگەڵ بزووتنەوەکانی ڕابردووا ئەو جیاوازیە گرنگەی هەبوو کە چیتر "ستەمی کورد لەسەر کورد" واتە پاوانخوازی و ستەمی چینە باڵادەست و داراکان و هێزە کۆنەپەرەستەکانی کوردستان بەرانبەر بە چینە زەحمەتکێش و ژێردەستەکانیشی قەبووڵ نەدەکرد. بە کورتی، هاتنە مەیدانی کۆمەڵە چ لە بوواری پێشمەرگایەتی و چ لە بوواری مەدەنی و مافە ئینسانیەکاندا بە مانای دەسپێکی ڕێبازێکی نوێ لە بزووتنەوەی دێمۆکراتیک- نەتەوەیی خەڵکی کوردا بوو.

**پرسیاری کۆتایی**

**جێگەی کۆمەڵە لە مێژووی چەپ لە ئێراندا (بەدوای شەڕی دووهەم هەتا ۱۳۷۰/۱۹۹۰) چۆن دەبینن؟**

پێم وا نیە لە مێژووی پەیدابوون و گەشەکردنی بزووتنەوەی چەپ لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتا هیچ جەرەیانێک بەقەد کۆمەڵە بەو ئەندازە لە ناسراوبوون، خۆشەویستی و کاریگەری لەسەر چەپی ئێران گەیشتبێ(لە شۆڕشی ۱۳۵۷ەوە تا چەند ساڵیکی دواتر کە شەڕی چەکداری هێشتا بەردەوام بوو و ناکۆکیەکانی نێو "حکا"ش دەستی پێ نەکردبوو).

هۆی ئەم دۆخە تازە و تایبەتە لە تێکئاڵاوی چەن شتا بوو: لە ئاستی کۆمەڵایەتیا، دوای "اصلاحات ارضی" دیاسپۆرای کورد ڕوو بە دەرەوەی کوردستان وەکوو کرێکار، کارمەند، خوێندکار، کاسبکار و هتد ڕۆژبەڕۆژ ڕووی لە زیادبوون کرد و دوای شۆڕشی ساڵی ۵۷یش هەر درێژەی بوو. ئەم دیاردەیە بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوودا، پەیوەندیەکی بێوێنەی لە نێوان کوردەواری و باقی ئێرانا پێک هێنا. لە وەها زەمینەیەکدا ئەو خوێندکارە خەباتکار و سیاسیەی کوردیش وا خۆیان لە نێو ڕەوتی "کۆمەڵە"دا دیتەوە، لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاو لە خەباتکارانی چەپی ئێران ـ چ کاتی خوێندن لە زانکۆ، چ کاتی کارکردن و چ لە زیندانەکانی ڕژیمی شادا- ئاشنایی و پەیوەدییان بوو و جێی ڕێز و متمانە بوون. ئەوە بوو کە بۆ چەپی ئێران، کۆمەڵە شتێک نەبوو کە لە ناکاو هەڵقوڵابێ و بۆیان بێگانە بێ. جا کە ئاستی سیاسی ئێران بە هۆی شۆڕشی ۱۳۵۷ەوە گۆردرا و کۆمەڵە وەک ڕێکخراوێکی خەڵکی و بەهێز هاتە مەیدان و نەچووە ژێر باری ڕژیمی ئیسلامی و تەنانەت لە بەرانبەر هێرشی ئەو ڕژیمە دڕندەدا خۆڕاگری چەکدارانەی دەس پێکرد، ڕێز و حورمەتی لە ناو خەباتکارانی چەپی ئێرانا چووە ئاستێکی هەرە بەرزەوە. جگە لە جەرەیاناتێک وەکوو حێزبی توودە و فەدایی ئەکسەریەت(کە نەتەنیا ڕەنگ و بۆی چەپیان پێوە نەمابوو بەڵکوو ڕێگەی خەیانەت و هاوکاری لەگەڵ ڕژیمی فاشیستی ئیسلامیان گرتە بەر)ڕەوتی چەپ بە گشتی(بە تایبەت ئەوانە وا بە خەتی ۳ دەناسران) کەم یان زۆر سەمپاتیان بە کۆمەڵە بوو و ئامادەگیان بۆ نزیکبوونەوە، هاوکاری و تەنانەت خۆتواندنەوە لە ناو کۆمەڵەدا دەردەبڕی... یان وەک نموونەیەکیتر؛ لایەنگرانی کۆمەڵە لە نێو کرێکارانی شێرکەتی نەوتا، "خبرنامە"کانی کۆمەڵەیان بە هەزاران بڵاو ئەکردەوە... و هتد.

جا هەروەک دەزانن کۆمەڵە لە وەها هەل و مەرجێکا چوە پای پێکهێنانی حێزبی کۆمۆنیستی ئێران. من لە بەشی چوارەمی "تاریخ بازنده" لەم بارەوە قسەم کردوە و لێرە ناچمە سەری. بەڵام لێرە لە پەیوەندی لەگەڵ پرسیارەکەی ئێوەدا ئەیژم: ئەگەر کۆمەڵە نەبوایێ ئەو "حێزب کۆمۆنیست ئێران"ە بەو قەدوقەوارە ناتەواویشەوە پێک نەدەهات. چوونکە هیچ چەپێکی تر ئەو قورساییەی کۆمەڵەی نەبوو تا بە خۆیا بپەرمێ و دەست بۆ کارێکی وەها ببات(لێرە کارمان بە دورستی و نادورستی پرۆژەکەوە نیە کە بە عەقڵی ئێستای زۆربەی ئێمەمانانەوە کارێکی دورست نەبوو).

ئەگەر بمانەوێ بچینە سەر پرسی تێئۆری و بزانین ئایا "کۆمەڵە"(یان باشترە بڵێین تاکەکانی نێو کۆمەڵە)لەم بارەشەوە کاریگەریان لەسەر چەپی ئێران بووە یان نە، وەڵامی من نەرێنیە. جارێ ئەو بەشەی کە بەرەو راست هەنگاوی ناوە و هێشتا بە ناوی کۆمەڵەوە کاردەکات زەربەیەکی گەورەی لە ئێعتیباری کۆمەڵە(و تەنانەت خەباتی گەلی کوردیش)دا. ئەوەش کە پشت "کمونیسم کارگری" گرت، بە دەردی خۆڕووخاندن چوو و بۆ کۆمەڵە و ڕێبازی کۆمەڵە لاوازیەکی بەرچاوی بەدی هێنا. لە راستیا ئەم "کۆمۆنیزم"یشە هەر کۆمۆنیزمە رووسیەکەی جاران("سوسیالیسم لە یەک وڵات" بە ئاکامی دیکتاتۆری بە سەر خەڵکدا)بوو کە دروشمگەل تەکفیری دژ بە "ناسیۆنالیزم" کوردیشی لێ زیاد کرابوو... ئەم دۆخە(لایەک بەرەو راست و لایەک بەرەو "ئوولترا چەپ") بوەتە هۆی ئەوە کە ئەگەر ناو ئێمەمانانا بیرۆکەیەکیشمان بێ کە شیاوی وتن بێ، کەس لە ناو چەپی غەیرەکوردا گوێیەکیشی بۆ شل نەکا. جا ئەم لاوازی و قەیرانی سیاسی ـ ڕێکخراوەیی کۆمەڵە بخە پاڵ شۆڤینیسم فارسی ـ ئێرانیەو، بزانە چەی لێ دەرتێ!

بە تەواو ئەمانەشەوە ئەزموون(یان ئەزموونەکان)ی کۆمەڵە گەنجینەیەکی هەرە گرانبەهایە کە ئەگەر بیری قووڵ و بەرپرس و هەستی دڵسۆز و خەمخۆر بێتە پای هەڵگرتن و هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەی، نە تەنها چەپ لە کوردستان، بەڵکوو گشت ئێران و بگرە ئەولاوتریش بەرەو ئاڵوگۆڕگەلێکی بنەڕەتی لە پێناو پێکهێنانی چەپێکی ئازادیخوازی هەرتا بەهێزتر، نوێتر، ئینسانیتر و سەرکەوتووتر دەبات.

**شوعەیب زەکەریایی** بەفرانباری ١٤٠٢